گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)،بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# چیرۆکی "لە خەوما"ی جەمیل سائیب لەژێر تیشکی ڕەخنەی مێژووییدا

**پ.ی.د. هەژار ئەحمەد عەبدولغەفوور**
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عیراق
Hazhar.abdulghafur@soran.edu.iq

**فەرهاد مستەفا حەمەد**
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عیراق
Farhad.hamad@kue.soran.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٢/١٢/٦
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٢/٥
بڵاو کردنەوە:بەهاری٢٠٢٤

**وشە سەرەکییەکان**
*Historicism, History, Age, In My Dream (Novel)*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.1.3

## پوختە

پەیوەندی نێوان مێژوو و ئەدەبیات، پرسیار و بابەتێکی کۆنی ناو مشتوومڕە تیۆری و ڕەخنەییەکانی ئەدەبیاتە و کەم و زۆر لە ئەدەبیاتی زۆربەی نەتەوەکانی دنیادا، بە لێکۆڵینەوە لە دەقە ئەدەبییەکان، هەوڵدراوە پەردە لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەم پەیوەندییە هەڵبدرێتەوە. ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی(چیرۆکی "لە خەوما"ی جەمیل سائیب لەژێر تیشکی ڕەخنەی مێژووییدا) یە، هەوڵێکە لە پێناوی ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان مێژوو و ئەدەبیات، لە برگەیەکی دیاریکراوی ئافراندنی ئەدەبیماندا هەیە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بە مێتۆدێکی وەسفی شیکاری، هەوڵماندواە لە ڕوانگەی ڕەخنەی میژووییەوە، پەردە لەسەر ئەو پێوەندییەی نێوان دەقی "لە خەوما"ی جەمیل سائیب هەڵدەینەوە و ڕادەی پێوەندییەکە دەستنیشان بکەین. لە دووتوێی توێژینەوەکەدا و بە پشتبەستن بە نووسراوە میژووییەکان، بەو ئەنجامە گەیشتین، کە دەقەکە تا ڕادەیەکی زۆر لە چەند ڕەهەندێکەوە، ڕەنگدانەوەیەکی چڕی هەلومەرجە سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی سەردەمەکەیەتی(سەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحمودی حەفید).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)،بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی:

ئەدەب وەك دەربڕینێکی کاریگەر، هەروەها وەك بەرهەمێکی مەعریفی، بە درێژایی سەردەمەکان، خاوەنی ئەرکی جۆراوجۆر بووە. لەگەڵ هەر ئەرکێک کە لەسەر شانی بووە، جۆری ئەو کەرەستانەی کە سوودی لێوەرگرتوون دیاریکراون. یەکێک لەو بوارانەی کە ئەدەبیات بە درێژایی مێژووی خۆی سوودی لێوەرگرتووە، مێژوو بووە.

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی (چیرۆکی "لە خەوما"[1]ی جەمیل سائیب لەژێر تیشکی ڕەخنەی مێژوویی‌یدا)یە، کارێکی توێژینەوەییە بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان مێژوو وەک ڕووداو و بەسەرهاتە تایبەتەکانی میللەتێکدا، لە برگەیەکی تایبەتدا، لەگەڵ ئەدەبیات، هەن. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تا ئاستێکی زۆر بۆمان دەردەخات، ئەدەبیاتمان تا چەندە بە ڕوانگەیەکی ئاگایانەوە، سوودی لە مێژوو وەرگرتووە، یان ڕووداوەکانی کردووەتە هەوێنی بەدیهاتنی خۆی، ئەمە جگە لەوەی کە لە بارێکی تریشەوە ئەوەمان دەخاتە بەردەست، تا چەندە دەتوانین ئەدەبیات، وەک دەربڕینی ڕاستگۆیانەی هەستی مرۆڤەکان لە برگە جیاوازەکاندا، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕاستییە مێژووییەکانمان بەکاربێنین. بۆیە لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین، گریمانەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی، "لە خەوما" تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی هەلومەرجێکی مێژوویی پڕ ئاڵۆز و بەسەرهاتی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمە(سەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحموود) و لە چەند بارێکەوە، بە ڕوونی دەتوانین ڕەنگدانەوەی هەلومەرجە مێژووییەکە، لەو بەرهەمەدا ببینینەوە. ڕەنگدانەوەکە تەنیا لە ڕەهەندێکی گشتیدا نییە، بەڵکو بە وردی چەند لایەنێکی

[1] ـ لە پانتایی نووسینی ئەکادیمی کوردیدا، ناسنامەی ئەم دەقە بە شێوەی جیاواز ناسێنراوە. لانیکەم وەکو ڕۆمان، نۆڤلێت و چیرۆک. ئێمە لەسەر بنەمای کورتی دەقەکە و جۆری داڕشتن و ڕووداوەکانی، زۆرتر لەگەڵ چیرۆک بووین. دیارە ئەمە بە مانای ئەوە نییە، کە ناساندنەکانی دیکە ناتەواون، چونکە ئەوانیش لەسەر بنەمای تیۆری و بە پێی پێوانەکانی تر، دەتوانن ڕەوایی بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن و بۆیەش لەم توێژینەوەیەدا، زیاد لەسەری ناڕۆین، چونکە ئەرکی ئەم توێژینەوەیە پشتڕاستکردنەوە و سەلماندنی چییەتی ناسنامەی دەقەکە نییە. ئەوەندەی گرنگە ئەم بەرهەمە بەرهەمێکی چیرۆکییە(narattive).

ئەو سەردەمەی تێدا ڕەنگدەدەنەوە، کە بە دانپێدانانی مێژوونووسان، دەرخەری ئەوەن ئەو دەقە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ ئەو سەردەمەدا هەیە. بۆیە لە ڕێگەی ئەم پرسیارە سەرەکییانەوە، کە تا چەندە ئەو بەرهەمە رەنگدانەوەی ئەو سەردەمەیە؟ و هەروەها گرنگترین ڕەهەندە مێژووییەکان، کە لەم دەقەدا رەنگیان داوەتەوە چین؟، دەمانەوێ ئەو گریمانەیە بسەلمێنین. دیارە پێویستە ئەوەش بڵێین کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی ئەگەر هەڵگری حاڵەتێکی لەمشێوەیەش بێ، بە مانای ئەوە نییە بێبەرییە لە خەیاڵ و ئەندێشەی نووسەر، بەڵکو ئەوەی کە لێرەدا سەرنجمان خستووەتە سەر، چەند لایەنێکی دیاریکراو و سەرەکییە، ئەگەرنا بە دڵنیاییەوە، ڕەهەندە خەیاڵییەکانی، کە لە دورووبەری ڕووداوە میژووییەکان کێشراون و نیشاندراون، دەتوانن شتگەلێکی دیکەمان نیشان بدەن.

## مێتۆدۆلۆژیی توێژینەوە

ئەم تویژینەوەیە بە مێتۆدی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە. سەرەتا هەوڵدراوە چییەتی رەخنەی میژوویی بخرێتەڕوو و پێناس بکرێت و تایبەتمەندییەکانی دەستنیشان بکرێن. دواتریش لە بەشی پراکتیکی، بە پشتبەستن بە ڕاستییە میژووییەکانی ئەو سەردەمە، کە لە لایەن مێژوونووسانەوە باسیان لێوە کراوە، هەوڵدراوە گرنگترین ئەو لایەنانە دەستنیشان بکرێن، کە لەناو دەقەکەدا ڕەنگیانداوەتەوە. پێویستە بگوترێ، کە ئەگەرچی بنەماکانی رەخنەی میژوویی فراوانن، بەڵام ئێمە زیاتر پشتمان بە کاریگەری سەردەم بەستووە(هەلومەرجی سیاسی، ئابووری و خراپ بەرێوەبردن و ئیدارەی وڵات)، بۆ گەیشتن بە ئامانجی تویژینەوە. ئەمە جگە لەوەی کە خودی ژیانی نووسەر لەو سەردەمەدا، دەتوانێ پشتڕاستی ئەوەمان بۆ بکاتەوە، کە ئاگایانە سوودی لە هەلومەرجی ئەو سەردەمە وەرگرتووە. چونکە نووسەر خۆی لەو سەردەمەدا ژیاوە.

بابەتێک کە پێویستە لێرەدا تیشکی بخەینەسەر، ئەوەیە، کە تایبەتمەندی ئەمجۆرە توێژینەوانە، لەبەرئەوەی لەسەر بنەمای پەیامی دەق و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەرەوەی دەق بنیاتنراوە، بۆیە زۆرجار هەستدەکەی لێکۆڵینەوەیەکی میژوییە؛ یان بە دەربڕینێکی تر، ئاراستەی میژوویی زۆر بەسەریدا زاڵە و ڕەنگدەداتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)،بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەدەبیات و مێژوو

مێژوو وەکو تۆماری ڕووداوەکان و ئەدەبیاتیش وەک هەستی مرۆڤ سەبارەت بە ڕووداوەکان، بە درێژایی مێژوو، خاوەنی گرنگی تایبەت و پێکەوە پەیوەستی تایبەت بوون. ((هەر لە بەراییەوە دوو هێزی نووسین زۆر بە گەورەیی لە دایکبوون،کە بوونەتە دوو ڕێگای گەورە لەبەردەم مرۆڤایەتیدا. یەکەمیان(مێژوو) و دووەمیشیان(ئەدەبە).))(عەبدوڵلا ،69:2014). ئەدەب بە درێژایی تەمەنی، هەموو بابەتە جۆراوجۆرەکانی ژیانی لەخۆگرتووە و، تیشکی خستۆتە سەر هەموو بابەتەکانی ژیان، چونکە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی زادەی بیر و هۆشی مرۆڤە (( مرۆڤیش بۆ خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و مێژووییە))(عەبدولغەفور، 36:2013). بەهۆی کاریگەری دیمەنەکانی ژیانی ررۆژانە، بۆیە لە ئەدەبدا ڕەنگدەدەنەوە. بەڵام ئەدەبیات جگە لە دەربڕینی واقیعی ژیانی ڕۆژانە و گوزاشتکردنی لە بیر و خواستەکانی کۆمەڵگا، لە هەمانکاتدا شێوازێکیشە((لە شێوازە هونەرییەکانی گوزارشتکردنی مرۆڤ لە هەست و نەست و ویست و خواست و خورپە و ترپە و سۆزو ئاوەزو ئارەزوو و حەز و خولیاو بیر و ڕاو بڕواو باوەڕو خودبینی و خەڵکبینیی و دنیابینی و گەردونبینی و ژینگە و ژیان و مردن و بوون و نەبوون و ئەندێشەو خەونەکانی خۆی.))(حسەین،174:2013).ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ئەدەبیات زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ و لە یەک کاتدا، جگە لە تێرکردنی هەستە جوانیناسییەکانی مرۆڤ، کایەیەکە کە لە ڕێگەیەوە سەرنج لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی دیکەش چڕدەکاتەوە. ئەو ڕەهەندانەی کە بەشێکن لە تایبەمەندی بوونی ئەو.

ڕەنگدانەوەی بابەتە مێژووییەکان(مێژوو وەک ڕووداو و بەسەرهات) لە زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکاندا بەدیدەکرێت. لەم گۆشەنیگایەوە بەرهەمە ئەدەبییەکان زۆرجار زانیاری گرنگ لەخۆدەگرن، کە ڕاستی مێژوو یەکلادەکەنەوە، کە پەیوەندی بە حوکمڕانی و شێوازی حوکم و بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە هەیە؛ بۆ نموونە بۆ تێگەیشتن لە سەردەمی ڕێنساس خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی دانتی و پەتراك و ...هتد پێویستە. بە هەمانشێوە و لەم گۆشەنیگایەوە بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و حاجی قادری کۆیی و دواتریش فایەق بێکەس و پیرەمێرد و چەندانی تر وێنەیەکی جوانی ئەو سەردەمانەمان پیشان دەدەن.(ئەحمەد،2020: 180). بۆیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)،بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەتوانین بڵێین، ئەگەرچی بەرهەمی ئەدەبی بە تێگەیشتنە گشتییەکەی و ئەوەی کە پەیوەستە بە ماهیەت و چییەتی ئەدەبیات، بەرهەمێکی خەیاڵییە، بەڵام خەیاڵی مرۆڤە و، هەر ئەمەشە وای لێدەکات هەرچەندە ئەبستراکتیش بنووسرێ، هەر رایەڵێکی پەیوەندی لەگەڵ واقیعدا هەبێ.

زۆرجار کاتێك باس لە سەردەمێکی مێژوویی دەکەین، پێویستمان بە دەقە بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەین. یان بە دەربڕینێکی تر، زۆرترین پێوەندی ئێمە لەکەڵ رابردووی خۆمان، لە رێگەی دەق و نووسینەوەیە. ئەدەبیاتیش هەر لە رێگەی نووسینەوە بوون پەیدا دەکات و هەربۆیەشە زۆرجار ئێمە بۆ تێگەیشتن لە مێژوو و کاتێکی دیاریکراو، پەنا دەبەینە بەر دەقە ئەدەبییەکان. هەربۆیە دەتوانین بڵێین لە لێکۆڵینەوە میژووییەکاندا، ((تێکستە ئەدەبییەکان دەبنە کەرەستەیەك لە کەرەستە سەرەکییەکانی لیکۆڵینەوەکانمان)).[2]لێرەدا ئەدەب دەبێتە سەرچاوەیەکی مێژوویی بۆ ئاشنابوون بە بارودۆخی سەردەمێك، چونکە((ئەدەب بە درێژایی مێژووی، بەشێکی دانەبڕاو بووە لە ژیان و لە خۆشی و ناخۆشییەکانی تاك و کۆمەڵگا.))(شارەزووری، 91:2019). بۆیە دەتوانین بڵێین ئەدەب دەرخەری واقیعە، یان بە دەربڕینێکی تر، توانستی دەربڕینی واقیعی هەیە و، لە هەموو سەردەمەکاندا رۆڵی خۆی لە پیشاندانی ئەو سەردەمەی تێیدا دێتەکایەوە، دەگێڕێت. سەیرکردن یان سوودوەرگرتن لە دەقێکی ئەدەبی بۆ ئاوڕدانەوە لە سەردەمێکی مێژوویی، یان بە مەبەستی شارەزابوون لە ژیان و بارودۆخی ئەو سەردەمە (( ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەدەب و دەقی ئەدەبیش لە خودی خۆیاندا بەرهەمێکی مێژوویین.))(عەبدولغەفوور،36:2013).

سەرەڕای ئەوەی کە مێژوو، هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە، بەڵام لەم نێوەدا و، ئەوەی کە پەیوەستە بە ئەدەبیاتەوە، دەقی ئەدەبی وەکو بەڵگەیەکی مێژوویی لای زۆربەی نەتەوەکان بەکارهاتووە و، لە ئەگەری نەبوونی بەرهەمێکی مێژوویی، پەنایان بردۆتە بەر بەرهەمی ئەدەبی، تاوەکو سوودی لێوەربگرن. بۆیە ((مێژوونووسان لە توێژینەوەکانیاندا لە هەموو سەرچاوەیەک بگرە سەرچاوەی ئەدەبیش کەڵک وەردەگرن.))(قەیداری،1390: 14). هەر لەبەر ئەمەشە هەندێکجار کاتێک

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اليافي، د.نعيم (2008).تطور الصورة الفنية في الشعر العربى الحديث، صفحات للدراسات والنشر،دمشق.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)،بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەیر دەکەی و ((وەختێك دەرگا لەسەر ئەدەبی زۆربەی گەلانی دنیا دەکەیتەوە، پێش هەر شتێك مێژووی ئەو میللەتەت لە ئەدەبێکی باڵادا و بە زمانێکی تۆکمە وەبەرچاو دەکەوێ و هەست دەکەی مێژوو چۆن بە پارێزراوی و چۆن بە ڕاستگۆیی و بە چ هونەرێك وەرگەڕێنراوەتە سەر ئەدەب و چ نەمرییەکی بەخشیوەتە ئەڤ مێژووە.))(نادر، 208:2005). چونکە ئەدەب ڕەنگدانەوەی ژیانە و هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ڕوودەدەن لە خۆیان کۆدەکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە هەندێکجار پێوەندی نێوان ئەدەبیات و مێژوو، لە ڕووی نووسینەوە، بە ڕوونی دەردەکەوێ. (( هەندێکجار بەرهەم یان نووسراوەیەک هەڵگری ناوی مێژووە، بەڵام باری ئەدەبییەکەی لەباری مێژووییەکەی زۆر زۆرترە. هەندێکجاریش بە پێچەوانەوە، ناوەڕۆکی دەقێکی ئەدەبی، تەواو مێژووییەو بۆ تێگەیشتن لە مێژووی سەردەمێکی تایبەت بەکاردەهێندرێت.))(قەیداری،1390: 14). بۆیە زۆرێک لە میللەتان سوودیان لە ئەدەب وەرگرتووە بۆ تێگەیشتن لە مێژوویان، هەر بۆ نمونە دەتوانین ئاماژە بە دنیای عەرەبی بکەین، کە تێیدا (( شیعری جاهیلی وەك سەرچاوەی مێژووی جاهیلی سوودی زۆری لی وەرگیراوە.)).(کەفافی،2011: 22). هەر لەمبارەیەوە (( هەندێك رەخنەگر و نووسەری ئەمریکیش پێیان وایە کە بە خوێندنەوەی ئەدەبی ئەمریکی، یەکێك لەو سوودانەی کە لێیەوە وەری دەگری ئەوەیە، کە شارەزایی لە ژیانی ئەمریکییەکان لە سەردەمە جیاوازەکان و لە ناوچە جیاوازەکانی ئەم سەر زەویە مەزن و فرە کولتوورە پەیدا دەکەی.))(عەبدولغەفوور،41:2013).بە وەرگرتن لە (idia rabincen،Life، and lauguage literature،pabilsher heinl،Boston-usa،.1993.p.xv). ئەم بابەتە لای فارسەکانیش دەرکەوتووە، کە ((تا ئاستێکی بەرچاو هەوڵیان داوە کە بە سودوەرگرتن لە ئەدەب و شیعر، مێژووی خۆیان ڕۆشنتر بکەنەوە. هەندێك نووسەر و ڕەخنەگری فارس پێیان وایە کە دەتوانرێ هەلومەرجی زاڵی سەردەمی هێرشی مەغۆل بۆ ئیران و تالانکردنی ئێران و ناخۆشییەکانی دواتری لە دوو توێی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەدیبانێکی وەك سەعدی و مەولانا و شمس تبریزی، ببینینەوە.))(عەبدولغەفوور،41:2013). بە وەرگرتن لە (سجادی،113:1389). لای هەندێ میللەت بە تایبەتی ئەوانەی تۆمار و دامەزراوەو بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی پێویستییان نییە، بەرهەمە ئەدەبییەکانیان ئەو کەلێنانەیان پڕکردوونەتەوە.(حسەین،186:2013). ئەمەش لەبەرئەوەیە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)،بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرهەمە ئەدەبییەکان((گوزارشت لە سەردەمی خۆیان دەکەن و دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی باس دەکەن. لەبەرئەوەی زۆر جار زانیاری مێژوویی وا لەخۆدەگرن کە لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی تردا بەدی ناکرێن.))(ئەحمەد،202:2020).

بۆیە لێرەوە دەتوانین بڵێین، کە پەیوەندی و ئاوێتەیی نێوان ئەدەبیات و مێژوو بە جۆرێکە، کە ئەستەمە بتوانرێ لێکبکرێنەوە و، یەکێکە لەو باسانەی کە دەتوانین لە مێژوودا بە سەدان بەڵگەی بۆ بێنینەوە.

## چەمك و پێناسەی ڕەخنەی مێژوویی[3]:

لە ڕووی زاراوەوە، لە زمانی ئینگلیزیدا ((The Historical method)و(Historical Criticism)و(Historicism) بۆ زاراوەی ڕەخنەی مێژوویی بەکارهاتوون، ئەگەرچی هەندێکجار لە پێناسە کردندا، جیا بەکارهاتوون.( عیدو_عبدالرحمن،34:2016). کە بەمشێوەیە دەتوانین پێناسەیان بکەین:

– (Historical Criticism) بۆ هەر جۆرە ڕەخنەکێ دهێتە بکارهێنان یاکو هەولا وەسفکردن و شلۆڤەکرن و چێکرنا واتایا بەرهەمی ددەت.( عیدو_عبدالرحمن، 2016: 35).

_ The Historical method) مەبەست ئەو میتۆدە ژ بۆ تێگەهشتنا بەرهەمێ ئەدەبی، مێژوویێ بکاردهینیت، ئەڤ جۆرە ڕەخنە بەرهەمێ ئەدەبی دگەڕێنیتەوە ژیانا نڤێسەری و کو د بەرهەمێ ڕەنگ داڤیە .(عیدو_عبدالرحمن، 2016: 35).

_ Historicism مەبەست ژێ ئەو ڕێکا بۆ تیگەهشتن پەنا دەبتە بەر مێژوویێ ژبەرکو ژیانو کلتور ب مێژوویێ گرێدای.( عیدو_عبدالرحمن،35:2016).بە وەرگرتن (Lawrence Shaffer،2005،p216-217.).

---

[3] _ لە ڕووی ناساندنی زاراوەکەوە، لە دنیای ئەکادیمی کوردیدا، زۆرتر بە ڕەخنەی مێژوویی بەناوبانگە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕەخنەی میژوویی لە بەرامبەر (Historicism)ی ئینگلیزییە، کە بە مانای مێژووگەراییش دێ. بۆیە لە هەندێک شوێن بە گوێرەی گونجان لەگەڵ ڕستەکە و دەستەواژەکانی تر، مێژووگەرایی بەکارهێنراوە، بەڵا مەبەست هەمان ڕەخنەی مێژووییە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)،بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە شیکردنەوەی هەریەکە لەم زاراوانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ڕەخنەی مێژوویی پەنا دەباتە بەر زانیاریی مێژوویی و گەڕانەوە بۆ ژیانی نووسەر و سەردەمی نووسەر. ڕەخنەی میژوویی لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاواش(( بە ڕەخنەی دانیشگا Critique Universitaire ناسراوە، گوایە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەمان لێکدانەوەی ڕەخنەیی؛ بەو مانایەی ئەو ڕەخنەیەی لە دانیشگا(زانکۆ) دەخوێندرێ، زۆر گرینگی بە پێوەندییە دەرەکییەکان دەدا و لیکۆلینەوە ڕەخنەییەکان پشت ئەستوورن بە دۆکیۆمێنت و سەرچاوە.))(عومەر،35:2005).

لە زمانی عەرەبیشدا هەمان زاراوە وەرگێڕدراون.(جوقی،2016: 35).

لە زمانی کوردیدا ڕەخنەی مێژوویی وەکو زاراوە بەکارهاتوو بەڵام ((لە سەدەی بیستەم چەند ناوێکی تری لەخۆگرت، وەك ڕەخنەی مێژوویی، میتۆدی مێژوویی، مێژووی ڕەخنەیی.)) (ئەسوەد،37:2011). بەڵام ئەوەی زیاتر بەکاردەهێندرێ ڕەخنەی مێژووییە.

بۆ پێناسەکردنی هەر میتۆدێکی ڕەخنەیی، نووسەران کۆمەڵە پێناسەیەکیان کردووە. میتۆدی ڕەخنەی مێژوویش یەکێکە لەو میتۆدانەی کە لە لایەن نووسەرانەوە چەند پێناسەیەکی بۆ کراوە، لێرەدا هەندێك لە پێناسەی نووسەران و ڕەخنەگران دەربارەی ڕەخنەی میژوویی، دەخەینەڕوو:

ڕەخنەی میژوویی ((بەر لە هەرشتیك پێویستە لە دوو مانای دیاریکراودا بناسێنین: یەکەم ڕەخنەی مێژوویی لە چەمکی فەلسەفەی تیۆرێکی مێژوودا، کە لە ڕێگەی پرۆسەی گۆران و پەرەسەندنی مێژوو بە درێژایی کات دیاریدەکرێت. دووهەم ڕەخنەی مێژوویی وەکو بەشێک لە شێوازی زانستی مێژوو، کە لە ئاڵقەی فەلسەفەی زانستدا دەگونجێت.))(دهقانی،151:1390). ئاڕاستەی ئەم پێناسەیە بۆ ئەوەیە، کە هەم فەلسەفەی میژوو دەگرێتەوە و، ئەم فەلسەفەیەی میژووەش لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک جیاوازی هەبووە؛ هەم پەیوەستە بە مێژووو وەک زانسیتێک، لەو شوێنەوە، کە بۆ بەهێزکردن و خوڵقاندنی ئەرگیۆمێنتەکانی، پێویستی بە بەڵگە هەیە.

میتۆدی مێژوویی (بە یەکەم میتۆدی ڕەخنەیی بۆ ڕاڤەکردنی دەق لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیدا دادەندرێت وهەولێکە بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی نووسەر، ئەویش بە ئامانجی لێکدانەوەی واتای دەقی ئەدەبی.)(مەنتك،59:2018). کاتێك سەرنج لەم پێناسەیە دەدەین کە ئەم میتۆدە پەیوەستکراوە بە هەلومەرجی ژیانی نوسەر و کۆی ئەو ڕووداو و

بەسەرهاتانەی کە کاریگەرییان لەسەری هەیە. هەر لەمبارەیەوە ئەم پێناسەیەش بە هەمانشیوە گرنگی بە ژیانی نووسەر دەدات.(( رێبازا مێژوویی، یەکەم رێبازا رەخنەییە دناڤ چاخێ نوی دا پەیدا بووی؛ ئەڤ رێبازە برێکا زانینا ژیان و ژینگەهو و جڤاکێ نڤیسەری، ڤەکۆلینێن خوە لسەر بەرهەمێن ئافراندی ئەنجامددەت.))(حاجی،23:2008).

((ڕەخنەی میژوویی ئەو جۆرە ڕەخنەیەیە، کە ڕووداوی مێژوویی لەپێناو سەرنجدان و دیاریکردنی چۆنیەتی و بەهای بەرهەمی ئەدەبی بەکاردەهێنێت. لە ڕاستیشدا ڕەخنەی مێژوویی بە هۆکارێکی تەحقیقکردن لە مێژووی ئەدەبیات دادەندرێت.))(رەئوف، 213:2017).

((بەلای ئەو ڕەخنەگرانەوە، رووداوی مێژوویی بەسە بۆ سەرنجدان و دەرخستنی چۆنیەتی و نرخ و بەهای بەرهەمی ئەدەب.))(حوسێن،29:2020).

یان لە پێناسەیەکی تردا هاتووە، کە((بریتییە لە: بەستنەوەی ڕووداو بە کات وەک زنجیرەیەکی ڕێکخراو بە پێی ڕێکەوتی مێژوویی، یاخود لێکۆڵینەوەی کارێکی ئەدەبی دیاریکراو بە پێی زنجیرەی مێژوویی.))(الطالب،82:1993).

یان ((لە دەرەوە لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە و گرنگی بە هۆکارە دەرەکیەکان دەدات و خودی دەقی ئەدەبی فەرامۆش دەکات.))(قادر،10:2009). چونکە رەخنەی مێژووی ((سەرنج لەو سەردەمە مێژووییە دیاریکراوە دەدات کە ئەم بەرهەمانەی تێدا هاتۆتەکایەوە.))(ئیمامی، 2018: 202_203).

بە خستنەڕووی ئەو پێناسانەی دەربارەی ڕەخنەی مێژوویی کراون، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەریەکە لەم پێناسانە لەبەر کاریگەربوونی ڕوانگەیەکی ڕابەرانی رەخنەی مێژوویی پێناسەیان بۆکراوە. دەتوانین بڵێین کە رەخنەی مێژوویی یەکێکە لە ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، کە لە توێژینەوە ئەدەبییەکاندا بەکاردەهێندرێت بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان، بە گەڕانەوە بۆ ژیانی نووسەر و ژینگە و ئەو سەردەمە مێژووییەی کە نووسەر تێیدا ژیاوە.

## بنەماکانی ڕەخنەی میژوویی:

هەریەکە لە میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، کۆمەڵە بنەمایەکیان هەیە بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی. میتۆدی مێژووییش چەند بنەمایەکی هەیە، کە دەتوانین سوودیان لێوەربگرین. میتۆدی

ڕەخنەی مێژوویی لە توێژینەوە ئەدەبییەکاندا زۆر بڵاوە و تاوەکو ئێستاش توێژەران سوود لە بنەماکانی وەردەگرن؛ دیارە بنەماکانی ڕەخنەی مێژوویی کە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا بەکاردەهێندرێن، هەریەکەیان لایەنێکی شاراوەی دەق شیدەکەنەوە. ئەو بنەمایانە کە وەکو پێوەرێک لە ڕەخنەی مێژوویی لە لایەنە دەرەکییەکانی دەق دەکۆڵنەوە، لەخوارەوەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

## بنەما سەرەکییەکانی رەخنەی مێژوویی:

(ڕەگەز، ژینگە، سەردەم) لە بنەماکا گرنگەکانی ڕەخنەی میژوویین، کە ڕەخنەگری فەرەنسی (تین) لەقەڵەمیان دەدات، کە لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناونیشانی((مێژووی ئەدەبی ئینگلیزی، بەرهەمی ئەدەبیی گەڕاندووەتەوە بۆ هۆکاری پەیوەست بە ژینگە و ڕەگەز و کاتەوە.))(خەلیل،77:2017).

هیبۆلت تین ((زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەری هیگل.))(الطالب،83:1993). چونکە بە پێی بۆچوونی هیگل((لە کاتی لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی و هونەریدا، دەبێت ڕەچاوی کات و شوێنی بەرهەمەکە بکەین، چونکە ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بۆ کات و ژینگەی خۆیان نەگەڕێنینەوە، ئەوە تێگەیشتن و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەیان تا ڕادەیەك ئەستەم دەبێت.))(قادر،75:2011). هەروەك چۆن هیبۆلت تین، کەوتوتە ژێر کاریگەری هیگڵەوە(( بە کەمێك دەسکارییەوە شوێن بۆچونەکانی(بۆف)یش کەوت و لەهەندێك بابەتیشدا بۆچونی لەگەڵ ئەودا جیاوازە.))(ئیمامی،296:2018). بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە پاشخانی فەلسەفی لە ڕەخنەی مێژووییدا، بۆ ئەوە دەڕوانێ و باوەڕی بەوە هەیە، کە بەرهەمی ئەدەبی هەڵقوڵاوی کۆمەڵێک فاکتەری دیاریکراوی واقعییە.

لە پێوەندی لەگەڵ ڕەگەز دەتوانین بڵێین ((هەموو ئەو سیفاتە بۆماوەییە هاوبەشانەی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەیە دەگرێتەوە.))(مەنتک،63:2018). دیارە بۆ تێگەیشتن لە ڕەگەز، پێویست بەوە دەکات کە سەرنجێکی وردی مێژوویی و نائاگایی بەکۆمەڵی خەڵک بدرێ. هەرچی ژینگەشە ((لایەنی سروشت و سیاسەت و کۆمەڵایەتی دەگریتەوە.)) (مەنتك،2018: 62_63). واتە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو ژینگەیە؛ سەردەمیش ئەو کاتە مێژووییەیە کە نووسەر تێیدا ژیاوە. بە کورتی ڕووداوە سیاسی و ئابورییەکان کاریگەرییان لەسەر نووسەر هەیە. لەمبارەوە ڕەخنەی مێژوویی باوەڕی وایە، کە زانینی سەردەمی نووسەر یارمەتیمان دەدات تاوەکو زیاتر لە دەقەکە تێبگەین،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)،بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چونکە(( لە ڕێی چەند دەقێکی ئەدەبییەوە دەتوانین زانیاری لەبارەی سروشتی کۆمەڵێك لە سەردەمێکی تایبەتدا پەیدا بکەین. ئەمەش بە حوکمی ئەوەی ئەدەب بە ئاوێنەیەکی سەردەمی کۆمەڵەکەی دادەندرێت.))(گەرمیانی،108:2012). بۆیە پێویستە گرنگی بە سەردەم بدرێت، چونکە ((دەقی ئەدەبی لە ڕوانگەی ڕەخنەی مێژووییەوە جیهانێکی سەربەخۆ نییە و، ناکرێت لە دەقێکی ئەدەبی بکۆڵینەوە بە بێ سەرنجدانی ئەو هۆکارانەی، کە دەورێکی سەرەکییان لە پێکهێنانی دەقەکەدا هەبووە؛ بۆیە دەبێت گرنگی تایبەت بە بارودۆخە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکەی ئەو سەردەمە بدرێت، کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە.))( خەلیل، 2011: 74).

هەر لەبەرئەوەشە کە سەردەم کاریگەرییەکی زۆر بەسەر دەقەوە جێدەهێڵێت؛ بۆیە هەریەکە لەم سێ ڕەگەزە کە بە فاکتەری دەرەوەی دەق ناسراون، کاریگەرییان لەسەر نووسەر و بەرهەمەکەی هەیە و هەریەکەیان ڕۆڵی خۆی بۆ شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەبینێت. ئەم جۆرە ڕەخنەیە بە جۆرێک لە جۆرەکان، لە هەوڵی گەیشتن بە ڕۆحی سەردەمە، لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە. ((ڕەخنەی مێژوویی کۆن، کە لە سەدەی نۆزدەیەم و دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، بەسەر لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا زاڵ بوو، بەشێوەیەکی گشتی لەوەدا بەرتەسک کرابووەوە، کە لێکۆڵینەوە لە ژیانی نووسەر یان ئەو سەردەمە مێژوویییە بکات، کە بەرهەمەکەی تێدا نووسراوە(بۆ دۆزینەوەی ڕۆحی ئەو سەردەمەی کە دەقەکەی تێدا نیشاندراوە). ))(تایسن،1378: 484).

کاتێک کە لە ڕوانگەی ڕەخنەی مێژووییەوە وەها وێنا بکرێت، کە ڕەنگدانەوەی واقیعە و دەیهەوێ پەیامێک بگەیەنێ، بۆیە زۆر گرنگی بە لێکدانەوەی ناوەڕۆکی دەق دەدات. بەمجۆرە یەکێک لەو ڕەگەز و لایەنانەی کە میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی گرنگی پێدەدات، ناوەڕۆکی دەقەکانە؛ ڕەخنەی مێژوویی ئەوەندەی گرنگی بە ناوەڕۆکی دەق دەدات، گرنگی بە لایەنەکانی تری دەق نادات: وەک فۆرم و جوانیناسی دەق. بۆ ئەم مەبەستەش ڕەخنەی مێژوویی سوود لە زۆربەی سەرچاوەکان وەردەگرێت بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبی؛ بۆ ئەمەش دەکرێت سوود لە ژیانی نووسەر یان لە لایەنە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان وەربگیرێت.(قادر، 2017:166_167).بە دەربڕینێکی تر، ڕەخنەی مێژوویی ڕەخنەیەکی ناوەڕۆک تەوەرە، کە گرنگی بە پەیامی ناوەڕۆکی دەق دەدات. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە هەرچی دەقە، ((خاوەن جۆرە ناوەڕۆکێکە بۆ گەیاندنی

پەیامەکەی.))(گەرمیانی،2012: 109). ئەمەش بۆ ئەوەیە، چونکە لە روانگەی رەخنەی مێژووییەوە، بەرهەمی ئەدەبی هەڵگری پەیامێکە و ئەو پەیامەش لە رێگەی ناوەڕۆکێکەوە بەرجەستە دەبێ. لە ڕاستیدا ((ڕەخنەگرە مێژووگەراکان، لەو ڕوانگەیەوە ڕوانیویانەتە ڕووداوەکان، کە دەتوانن ئەوە بە تەواوی کەشف بکەن، کە لە کاتێکی دیاریکراودا چی ڕویداوە و، بەمجۆرە لە ڕێگەی پشتڕاستکردنەوەی ڕاستییەکانی ناو چیرۆکەکانەوە، بە ڕاستی ڕووداو و بەسەرهاتە مێژووییەکان و حەقیقەتی سەردەمە جیاوازەکان بگەن. (181، 2015،dobie) کەواتە لەم ڕوانگەیەوە، بەرهەمی ئەدەبی پشتڕاستکەرەوەی ڕاستییە مێژووییەکانە.

بەمجۆرە بە سەرنجدان لەو پێناسانەی کە بۆ ڕەخنەی مێژوویی کردمانن، دەردەکەوێ کە ئەم جۆرە ڕەخنەیە، کار لەسەر پێوەندی نێوان ئەدەبیات و مێژوو، یان ئەدەبیات و واقیع دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەباتە بەر کۆمەڵێک ڕەگەز لەوانە، ڕەگەز و ژینگە و سەردەم و بیۆگرافی نووسەر. لەم توێژینەوەیەدا، بە سەرنجدان لەوەی کە نووسەر بۆخۆی لە سەردەمەکەدا ژیاوە و بە ڕوونی ئاگاداری هەلومەرجەکان بووە، بۆیە زۆر گرنگیمان بە بیۆگرافی نووسەر نەداوە. نووسەر لەو سەردەمەدا ژیاوە و ئەم چیرۆکەش ڕەنگدەرەوەی ژیانی نووسەرە و((لە سەردەمی شێخ مەحموودی نەمردا ڕەخنەی زۆری لە باروودۆخەکە هەبووە.))(ئەبووبەکر: https://www.zaniary.com2022). لەو سەردەمەی ئەم چیرۆکە نووسراوە، ((کە ساڵی(1925)ە، ناوەڕۆکەکەی ڕەخنەگرتنە لە حوکمڕانییەکەی ساڵی (1922)ی شێخ مەحموود.))(عارف،322:2011). بۆیە وەک زۆر مێژوونووس و ڕەخنەگری ئەدەبی باسی لێوەدەکەن ((چیرۆکی لەخەوما لەدایکبووی ئەو واقیع و سەردەمەیە کە ڕووداوەکانی تێدا ڕووداوە و هەڵقوڵاوی بارودۆخی ئەوکاتەی میللەتی کوردە و هەموو ئەوانەش کە وتراون ئەوە بووە کە لەو کاتەدا هەستی چیرۆکنووسی جوڵاندووە.))(عبدالکریم،51:2014). نووسینی چیرۆکێک لەو سەردەمەدا بە شێوازێکی ڕەخنەگرانە، بێزاری نووسەر بۆ حوکمڕانی شێخ مەحموود دەردەخات. بێگومان ئەم بێزارییە رەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ، کە جەمال بابان لە باسی ژیانی نووسەردا ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێ((کوشتنی عارف سائیبی برای و جەمال عیرفانی ژن برای لە ساڵی(1923) دا، وەک مرۆڤێکی خاوەن هەست و بەزەیی، کارێکی گەورەی تێکردووە و داخ و خەفەتێکی زۆری خستووەتە دڵەوە.

چونکە هەردووکیان جگە لە خزمایەتیش، دوو منەوەری ڕووناکبیر و لێهاتوو بوون و تەنانەت دڵسۆزی شێخیش بوون.))(عارف، 17:2011).بەمجۆرە ڕەنگە ئیتر زۆر پێویست نەکات بچینە ناو وردەکارییەکانی ژیانی نووسەرەوە و، زیاتر دەپەرژێینە سەر بابەتەکانی تر. ئەمە بەشێکیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وێناکردن و دەرخستنی هەلومەرجە مێژووییەکە، ئەوە ڕووندەکاتەوە کە هەلومەرجی سەردەمی نووسەر چۆن بووە. هەروەها پێویستە ئەوەش بگوترێ، کە لەبەرئەوەی تایبەتمەندییە بۆماوەیی و ڕەگەزییەکان پێویستیان بە مەودایەکی فراوانتری لێکۆڵینەوە هەیە، بۆیە زۆرتر سەرنجمان لەسەر سەردەم چڕکردووەتەوە.

## چیرۆکی "لە خەوما" و هەلومەرجی سەردەم، لەژێر تیشکی ڕەخنەی مێژووییدا

### هەلومەرجی ئـابووری:

وەک مارکس دەڵێ، ئابووری ژێرخانی کۆمەڵگەیە و هەموو ڕەهەندەکانی دیکەی کۆمەڵگا و یەک لەوان ئەدەبیات و ڕۆشنبیری، ڕەنگدانەوەی ئەو هەلومەرجەن. ئەو ماوەیەی کە ئێمە وەرمانگرتووە، ماوەیەکی ئاڵۆز و پڕ لە کیشە و هەڵایە. بە تایبەتی لە لایەنی ئابوورییەوە، هەلومەرجێکی زۆر نالەباری هەبووە. ماوەی نێوان ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914_1918) بارودۆخێکی سەخت باڵی بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراقدا کێشابوو و ئەم کاریگەرییانە تا سەردەمانی دواتریش هەر بەردەوام بوون؛(کوردستان لە بارودۆخێکی نالەبار و نەگریسدا دەژیا، وڵاتێکی وێرانکرا و گرانیی و هەژاریش ڕووی تێکردبوو؛ لێشاوی بەردەوامی سوپای تورک و ڕووس کوردستانیان وێران کردبوو، خەڵک لە هەندێک ناوچەدا بە ناچاریی بەگیا و بەری دار و میوە و قەوزە و قارچک، دەژیان.)(کۆمەڵێک نووسەر،63:2002). ئەم هەژاری و برسێتییەی کە لەو کاتەدا کوردستانی گرتبووەوە، کاریگەری لەسەر نووسەر و ئەدیبانیش دانابوو و لە بەرهەمەکانی خۆیاندا، ڕەنگیان پێدابووەوە. ئەو چیرۆکانەی لەو ماوەیەدا نووسراون، بەڵگەی ئەوەن کە هەژاری و برسیەتی خەڵکی ئەو سەردەمەی هەراسان کردووە؛ هەر لەمبارەوە مێژوونووسان باس لەوە دەکەن، کە لەو سەرووبەندەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا و دواتریش، ((زەوی و زارێکی زۆر بەرەڵاکرابوو و لە بەشێکی بەرچاوی کوردستان، زیاتر لە ٥٠% ی زەوییەکان دانەدەچێندران. بەرهەمی دەغڵ و دان هاتبووە خوارێ. سەرباری ئەمەش لەشکری ڕووس

و عوسمانی، دەغڵ و دانیان لە کوردستان بڕی، مەڕ و ماڵات تێداچووون و لە ئەنجامدا گرانییەکی کەموێنە ڕووی لە کوردستان کرد و بەشێکی زۆری خەڵک بە گژ و گیان دەژیان. حوقە گەنمێک لە شارێکی وەکو سلێمانی گەیشتبووە لیرەیەک. نەخۆشی و برسێتی بڕستی لە خەڵک بڕیبوو.))(مەدەنی، ٢٠٠٠: ٢١٩). لە چیرۆکی **(لەخەوما)** ئاماژە بەو سەردەمە دەکات کە پەیداکردنی نان سەخت بووە و هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە، کە سەرجەمی ڕووداوەکانی دواتری بەدوادا دێن، پەیوەست دەکات بە خراپی ئەو هەلومەرجەی ژیان لەو سەردەمەدا؛ لەمبارەوە لە دەستپێکی چیرۆکەکەدا، دەڵێ **((شەوێک لە خەوما وا لە دنیادا گیرم خواردووە، ساحێب کولفەت و منداڵ، بێ پول و بێ پارە، دەست سپی و بێ مایە ماومەوە، زۆر ئەحواڵێکی خراپ و ناخۆشم هەیە. هەر بیر ئەکەمەوە لەبەر خۆمەوە ئەڵێم، یا ڕەبی چی بکەم، چۆن هەوڵێک بدەم شتێکم دەست بکەوێ، ئیدارەی خۆم و ماڵ و منداڵمی پێ ڕێک بخەم و لە ژێر باری قەرز و نەبوونیدا دەربچم، هەرچەندە سەرم هێنا و برد غەیری سەفەرکردن هیچ چارەیەکی ترم بۆ خۆم نەدۆزیەوە، وەختیش ئاخروئۆخری پایزە، سارد و سەرمایە، زستانیش لە پێشەوەیە، بەری دوورە، تەئمینی ئیدارەش لازمە، بەناچاری و ناعیلاجی کەوتمە سەر خەیاڵی سەفەر، لەگەڵ ماڵ و منداڵ تەگبیرمان کرد و قەرارمان دا کە سەفەرێک بکەم، بەڵکو هیچ نەبێ ئیدارەی ماڵ و منداڵەکەم پێک بێنم.))**(صائیب2010: 35_36). لە ڕاستیدا لە سەردەمی ((دوای کۆتاییهاتنی جەنگ، سلێمانی تەواو پەرێشان و کاول ببوو و هیچی بەسەر هیچەوە نەمابوو؛ بازرگانی و کڕین و فرۆشتن لە شارەکەدا وەستابوو؛ دوو لەسەر سێی خەڵکەکە لە برسانا و لە سەرمانا مردبوون و هیچ هیوا و ئومێدێک لە ژیاندا بەدی نەدەکرا.)).(شوانی،2002: 86).

لە پێوەندی لەگەڵ خراپی هەلومەرجی ئابووری و خراپی ژیان کە لە چیرۆکەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، وەکو گوتمان ئەوەندە بەسە بزانین، کە لە یەکەمین چرکەساتەکانی دەستپێکردنی چیرۆکەکەوە و لە پەردەی (خوا بەخێری بگێڕی)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە پێناوی دابینکردنی بژێوی و پێداویستییە سەرەتایی و پێویستەکانی ژیان، ئەو سەفەرەی دەستداوەتێ و ڕووداوەکانی دواتر بەدوادا هاتوون.

ئەمە جگە لەوەی کە لە زۆربەی هەڵسوکەوت و ڕووداوەکانی دواتر و ئەوەی کە پەیوەستە بە ڕێگری و چەتەیی و خراپی کاربەدەستانی میری لەگەڵ خەڵک و هەوڵدان بۆ لێستاندنی ڕەشوە و باج، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە لەو سەردەمەدا هەلومەرجی ئابووری باش نەبووە. لە چیرۆکەکەدا، دوای ئەوەی کە

لە ڕێگەی شاردا پێشیان پێدەگرن و دەیانگرن و ئەملاو ئەولا بە کەسانی ناو کاروانەکە دەکەن، دەگێڕێتەوە ((**ئەمجار دووانیان لاپەڕیان لێ گرتین، نەختێ سرپ و هۆڕیان کرد و هاتنە نزیک ئێمە، کابرای کاروانچییان بانگ کردە لاوە، لەگەڵ ئەویش قەدەرێک چرپەچرپیان کرد، کابرایەکیش هات بەلای منەوە وتی باوکم ئەمانە بەهیوای ئەوەن شتێکیان بدرێتێ، منیش سوێندم بۆ خواردن کە تۆ لە هیچا نیت و هیچیشت نییە بیاندەیتێ فەقەت ئەوان دەست هەڵناگرن و چۆن لە ژێر چنگی ئەم بەدبەختانە دەرت بێنین، منیش تێ گەیشتم کە ئیشەکە ناڕەحەتە و ئەمانە تەشقەڵە ئەکەن، یان ئەبێ شتێکان بدرێتێ یان ئێمە بەقەڵبەیەکدا ئەدەن و منیش کێچ لە باخەڵمدا بۆ پولێک سەوزەڵە گیانم ئەلێ.)) (صائیب،٢٠١٠: ٣٩)**. بەمجۆرە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە بەهۆی خراپی هەلومەرجی ئابووری ئەوکاتەوە، تەنانەت کاربەدەستانی میریش گیرۆدەی دەستی باجگیری و ڕەشوە بوون.

## خراپ بەڕێوەبردنی وڵات، ڕێگری، بەرتیل و چەتەیی:

خەڵکی ئەو سەردەمە سەرەڕای ئەوەی لە لایەن ئاغا و دەرەبەگەکانەوە چەوسێندراونەتەوە، لە لایەکی تریشەوە بەهۆی خراپی بەڕێوەبردن و گەندەڵیکردن لە کاروباری میللەت لە لایەن بەرپرسانەوە، ناڵاندوویانە. لە چیرۆکی **(لەخەوما )**دا، دیمەنی ئەو زوڵم و زۆرداریییەی کاربەدەستان تا رادەیەکی باش بەرامبەر بە خەڵک نیشاندراوە؛ وەکو مامەڵەکردنی پاسەوانانی حکومەتی ئەو سەردەمە، کە چۆن خەڵکیان ئەشکەنجە داوە و زۆر بێڕەحمانە لەگەڵیان جوڵاونەتەوە. بەشێکی ئەمە وەک مێژوونووسان باسی لێوە دەکەن پەیوەستە بەوەوە کە ئیدارەی وڵات لەجیاتی ئەوەی لە لایەن خەڵکی شارەزا و دڵسۆزەوە بەڕێوەببرێت، کەوتبووە دەست کەسانی هەلپەرست، کە دەوری شێخ مەحموودیان گرتبوو و تەنیا بە دوای بەرژەوەندی خۆیان و پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆیانەوە بوون. ڕەفیق حیلمی لە یادداشتەکانیدا، زۆر بە روونی باس لەوە دەکات، کە دەستەو دایەرەی شێخ مەحموود، هەر کارێک کە لە بەرژەوەندی و خۆیان و پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆیان بووایە، ئەوەیان دەکرد و زەخت و گوشاریان دەخستە سەر خەڵک بۆ کۆتکردنیان و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بە سەریاندا.(حیلمی،١٩٨٨: ٨٤_٨٦). لەمبارەوە لە یەکێک لە دیمەنەکانی چیرۆکەکەدا و لەپێوەندی لەگەڵ خستنەڕووی جۆری هەڵسوکەوتی کاربەدەستان لەگەڵ خەڵک، هاتووە، **(گەیشتینە مەیدانێک لەوێ سەیرم کرد سێدارەیەک هەڵخراوە، لە ژوور ئەویشەوە سێ چوار داری تر پێکەوە داچەقاوە و پیاوێکیان پێوە بەستووە بەو سەرما و**

**بەفر و بارانە چەند کەس دەورەیان گرتووە،...بەتوێی کراس زەلامێکی بێ ئینساف بە دارێکەو لەو قوربەسەرە ئەدات.**)(صائیب:٢٠١٠:٤٤).لەم چیرۆکەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پاسەوانان مامەڵەیان لەگەڵ دیل و گیراوەکاندا بێ ڕەحمانە بووە، هەتا نووسەر ئاماژە بەئەو سەردەمە دەکات کە شارەکە(**داروبەردی بۆنی خوێنیان لێ ئەهات...نە نایک نە ئاوێک نە لێپرسینەوە، هیچ نەبوو.**))( صائیب، ٢٠١٠: ٤٦) ئەم چیرۆکە دەرخەری حکومەتی ئەو سەردەمەیە لە کاتی لێپرسینەوە مامەلەیان وەکو پێویست نەبووە؛ وەکو نووسەر بێزاری لەدەست بەرپرسی شارەکەو هەلسوکەوتیان دەردەبرێت یادداشت کە بەرهەمی ڕەفیق حیلمی یەو، بە جۆرێک لە جۆرەکان، گێڕانەوەیەکی وردی سەردەمی حوکمڕان شێخ مەحمودە، پەردە لەسەر ئەوە هەڵدەداتەوە، کە لەو سەردەمەدا، لە دوو ڕووەوە، نەبوونی کەسانی شارەزا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و هەروەها وەدواکەوتنی بەرژەوەندی تایبەتی، عەشیرەیی و خێڵەکی، لەلایەن سەرۆک خێڵ و کەسە هەلپەرستەکانی ئەوکاتەوە، کارێکی وایان کردبوو، کە هەلومەرجی بەڕێوەبردنی وڵات و مەسەلەی باجگیری و چەوساندنەوەی خەڵک بەشێوەیەکی بەرچاو دەرکەوێ. ڕەفیق حیلمی لە بەشێک لە یادداشتەکانیدا، لەمبارەوە دەڵێ ((هەرچەندە لە بەغداوە هەتا لە (تورکیا) وە، هەندێ لە زابتە کوردەکان هاتبوونەوە سلێمانی و لەو سەردەمەدا هەندێ خوێندەواری باش و نیشتمانپەروەر لەوێ بوون و ئەیانویست کە دەس لەناو دەس تێبکۆشن و یارمەتی حوکمدار بدەن، بەڵام ڕێکەوتنی تاقمی دەورووپشتی حوکمدار و ئەمانە نەئەگونجا و تاقمی یەکەم لە بەینی حوکمدار و تاقمی دووەمدا، لە خەنجەر و دەمانچە، دیوارێکی درووستکردبوو.))(حیلمی، ١٩٨٨: ٦٨). هەر لە شوێنێکی دیکەدا، ناوبراو درێژە دەداتێ و دەڵێ، شێخ مەحمود نە تەشکیلاتێکی ئیداری ڕێک و پێک، نە دانانی نیزامێک و پێگەیەکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەت، دانەنابوو.(حیلمی،1988: 83).) بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەم پێکهاتەیە سەرەڕای ئەو هەلومەرجە خراپە ئابوورییە، وایان کردبوو، جۆرێک بێسەرەوبەرەیی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەدیبێت و هەر کاربەدەستێک بە جۆرێک لە جۆرەکان و لەسەر بنەمای پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی هەنگاو هەڵبهێنێتەوە. لە بڕگەیەکی تردا، کاتێک کارەکتەری چیرۆکەکە دەگاتە شار، دیمەنێکی تر دەگێڕێتەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە کاربەدەستان بە مەبەستی بەدەستخستنی پارە و سامان و لە ڕاستیدا لەبەر نەبوونی ئیدارەیەکی مەدەنی، خەڵک دەکەنە جاسووس و بەمشێوەیە پارە و شتیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)،بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێوەردەگرن. **((هەر ئەوەندەم زانی لەو دیو خانەکەوە تەقەی تفەنگ و هەرا و زەنا و زریکە و هاوار پەیدا بوو، چەند تەقەیەک هات، بوو بەغەڵبەغەڵب و گریان و شیوەن و بانگەبانگ، دیسانەوە خۆم نەگرت دەرپەڕیمە دەرەوە گوێم گرت، هەر ژن و منداڵ بوون لەو دیوەوە بەگریانەوە قسەیان ئەکرد، ئەپاڕانەوە و ئەلالانەوە، ئەم جاریش لە خانچییەکەم پرسی وتم ئاخۆ ئەمە چییە، ئەم جارە چی بووە؟ وتی چووزانم پیاو ئەگەر من بۆ ئەمانە جوابی تۆ بدەمەوە ئەبێ خەریکی هیچی تر نەبم هەر جوابت بدەمەوە، شەو و ڕۆژی سەد شتی وا لێرە ئەقەومێ، وتم ئاخر خاڵۆ تۆ عاجز مەبە ئینسان لەمانە دڵی ئەبێ بەئاو، چۆن ناپرسێ! وتی ئاخر تۆ شتی وات نەدیوە بۆیە هەموو شتێ ئەپرسی، هێشتا ڕانەهاتوویت، ئەوە ساحێبی ئەم ماڵە نازانم چەند ڕۆژێکە لەسەر جاسووسی و ماسووسی گیراوە و فەلاقەیەکی زۆر کراوە و لە پاشان داوای جەزایەکی زۆریان لێ کردووە، ئەویش پارەی نەبووە بیدا ماڵەکەیان فرۆشتووە، ئەویش بەشی جەزاکەی نەکرد، ئێستاش خۆی هەروا حەپسە، کەچی ئەوا فەقیرە دز هاتووەتە سەر ماڵەکەشی ئەو تۆزە پرووپیتەیشیان کە ماوە هەڵبەت بردوویانە، وا تفەنگیشیان پێوە ئەنێن، ئێستا منداڵێکیشی نەکوژرابێت هەر چاکە. وتم ئەرێ ئەم هەموو جاسووسە چییە لێرە هەیە؟ کابرای خانچێ سەرێکی لێ لەقاندم و سەیرێکی فەسالی کردم و تۆزێک پێ کەنی وتی: ئای باوکم ئەمە نەخۆشییەکە هەموو کەس ئەبێ بیگرێ، تۆ غەریبی هێشتا ئەمەت نەدیوە، بەڵام چاوت نەفرێ تۆیش ئەیبینی.))**(صائیب،٢٠١٠: ٤١_٤٢).

هەر لە پێوەندی لەگەڵ زاڵبوونی تایبەتمەندی عەشایری و ڕێوشوێنی مامەڵەی خراپی دەستەودایەرکانیان لەگەڵ خەڵک، ئەگەر سەرنجی هەلومەرجی ئەو کاتە بدەین، بەداخەوە بە ئاشکرا، دیارە. ڕەفیق حیلمی لە بەشێکی تری یادداشتەکەیدا و سەبارەت بە ڕوانینی شێخ مەحموود بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، ئاماژە بەوە دەدات، کە دوای بوونی بە حوکمداری کوردستان، شێخ کەوتووەتە هەلومەرج و هەڵکەوتێکی گرنگەوە، چونکە لە کاروباری حکومەتدا کەم تەجرەبە و لە مەیدانی سیاسەتیشدا، بێکەس بوو.(حیلمی،١٩٨٨: ٦٧). هەر لە درێژەدا دەڵێ ((ڕێو شوێنیک کە لە هەڵسوڕاندنی کاروباری عەشایریدا لەسەری ڕۆشتبوو، بۆ تەکبیر و ڕای ئیشی حکومەت بە کەڵک نەئەهات. ئەوانەی کە ئەیانتوانی لە حوکمدار نزیک بنەوە، لەم بابەتە بوون: دەستوپێوەندی نەفام و نەخوێندەوار، دەورووپشتی چاوبرسی و دوای تالانی کەوتوو، نۆکەری خەنجەر لە پشت و عەشایری

تفەنگ لەشان.))(حیلمی،١٩٨٨: ٦٧). بە سەرنجدان لەم پێکهاتەیە، زۆر بە ڕوونی دەتوانین وێنای هەڵسوکەوتی ئەو ڕۆژانە بکەین. بەشێکی دیکەی زوڵم زۆرداری تەنها لێدان و کوشتن و ئەشکەنجەدان نەبووە. وەک لە چیرۆکی( **لەخەوما** )دا بەدەردەکەوێت، کە هەر شتێکی جوان و بە قیمەت لە لای کەسێک بوایە، بەرپرسان بە زۆر لێیان دەسەندن، وەک **(قوربان ژنی فلانەکەس جوتێ گوارەی زۆر عەنتیکەی هەیە... فلانە ژن ئەموستیلەیەکی زمرووتی هەیە...ماڵی فلانەکەس پیرۆزەیەکیان هەیە... یەکێک وتی بەخوا ڕەنگە نەیدات، گەورەکە وتی: چۆن نادا بەخوا ئەگەر نەیدا مێردەکەی حەپس ئەکەم ماڵەکەشی تالان ئەکەم.)**(صائیب، 2010: 51).

هەر لە سەر بنەمای ئەو هەژاری و نەدارییەی کە لەو سەردەمەدا هەبووە و، هەروەها ئەو نارێک و پێکییەی کە لە ئیدارە و بەڕێوەبردنی وڵاتدا هەبووە و ئاماژەی پێکرا، بوونی ڕێگر و چەتەش لەو سەردەمە بە تایبەتی(لەسەر ڕێگا بازرگانییەکان و کاروانەکان ئەوەندەی تر خەڵکیان هەراسان کردووە، تا وای لێهاتووە لە چەند کاتێکدا بازرگانیکردن پەکی کەوتووە.)(خضر،2011: 93). بە وەرگرتن لە(فتاح، 1985: 185و198). لە چیرۆکی **(لەخەوما )**دا، لە هەندێ شوێن ئاماژە بە ڕێگری و چەتەیی کراوە و زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێ، کە خراپی هەلومەرجی ئابووری ئەو سەردەمە، ئەو ڕەفتارەی لێکەوتووەتەوە. (( **لە سێ چوار لاوە جەردە و ئەشقیا هاتنە سەر ڕێگەمان و بوو بە تەق و هۆڕی تفەنگ و شەڕ و هەرا.... لەم پەنا گرد و لەو کوردەوە و شیو عەر فرکان و فرکانی تەریدە و جەردە بوو، پۆل پۆل ئەهاتنە سەر ڕێگەمان.**))(صائیب،2010: 36_37). ئەمەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەو سەردەمە ڕێگاکان مەترسیداربوون لە بەر جەردە و چەتە. ڕێگری و چەتەیی تەنها لەسەر ڕێگاکان نەبوون، بەڵکو پیاوی حکوومەت هەروەک جەردە و چەتە مامەلەیان لەکەڵ خەڵک کردووە؛ وەکو لە درێژەدا دەڵێ( **لە قولغەیەکی شار، سێ کەس بە تفەنگەوە دەرپەڕین و لە میان ئەدا وبەویاندا ئەکوتا، پەلاماری ئەو باریان ئەدا سەر و پۆتەلاکی سێ چوارێکیان کوتایەوە، لەو ناوە یەک دوو زللەم بەرکەوت.**)(صائیب،2008: 39).

## بەرتیل:

وەک ئاماژەمان پێدا، بەهۆی ئەو هەلومەرجە خراپە و ئەو تایبەتمەندییە بەڕێوەبەرییە نەگونجاوەی کە هەبووە، بەرتیل وەرگرتن یەکێک لە ڕێگاکانی خۆ دەوڵەمەندکردن بووە. لە چیرۆکی **(لەخەوما)** دا،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)،بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە چەندین شوێندا ئاماژە بە بەرتیلخۆری کراوە و زۆر بە ڕوونی پەنجەی خراوەتەسەر و لە ڕاستیدا بەهۆی بەرتیلەوە کار و فرمان بە زوویی بەڕێوەچووە. ئەو سەردەمەی ئەو چیرۆکەی تێدا نووسراوە ئاماژە بە ئەوە دەکات کە حوکمڕانی ئەو سەردەمە و دار و دەستەکەی، بەرتیلیان خواردووە؛ وەک لەم چیرۆکەدا باسی ئەوە دەکات، کاتێک کاروانچییەکان لە ڕێگادا گیریان خواردبوو لە لایەن پاسەوانانی سنوری شار( **یەکێ شتێک پارەیان بۆ کۆکردنەوە ئەم جار ڕێی نەجاتیان پێ نیشان دان.**)(صائیب،2010: 39).بەرتیل وەرگرتن تەنها لای پاسەوانانی سنور بەرچاو ناکەوێت، وەکو لەم چیرۆکەوە دەردەکەوێت، بەرپرسی شارەکەش بەرتیلی وەرگرتووە لە بەرامبەر کارەکانیدا؛ لە شوینێکدا دەگێڕێتەوە(( **قوربان فلانەکەس تۆپێ تاقەی یەمەنی و دووچەفتەی سورمەی زۆر چاکی هێناوەتە خزمەتت.. کوڕەکەی بکەن بە زابت...وتی هەڵیگرن.. ئا فلانەکەس بچۆ بە فلانەکەس بلێ سبەینێ ئەم کوڕە بە زابت قەید بکات.**))(صائیب،2010: 52).

## هەلومەرجی سیاسی:

ڕەنگە یەکێک لەو لایەنانەی کە زۆر بە زەقی لەم چیرۆکەدا، سەبارەت بەو سەردەمە ڕەنگیدابێتەوە، سیاسەت و هەلومەرجی سیاسی و ڕوانگە و بۆچوونە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە بن. ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا، تەنیا لایەنێکی زۆر بەرتەسک لە هەلومەرجی سیاسی و ئاڕاستە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە دەخەینەڕوو، کە لەم چیرۆکەشدا بە ڕوونی ڕەنگیداوەتەوە.
سەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحمود سەردەمێکی پڕ لە ئاڵۆزی و کشێمەکێشی سیاسی بوو. سەردەمێک بوو کە ئەگەرچی کورد لە بەشێکی بچوکی کوردستان بووبووە خاوەنی قەوارەیەک، بەڵام ناجێگیری هەلومەرجە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکە وای کردبوو، کە ئەو قەوارەیە ڕووبەڕووی زۆر ئاڵنگاری و تەحەددا بێتەوە. لەو سەردەمەدا، یەکێک لەو بابەتانەی کە جێگای مشتومڕ بووە و بووەتە هۆی ئەوەی پێکهاتەی سیاسی و تەنانەت کردەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیش ڕەنگڕێژ بکات، سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و خزمەتکردنی کوردستان لە لایەک و بیروباوەڕەکانی پەیوەست بە لایەنگری تورک و بەریتانییەکان لە لایەک تر، بووە. ئەوەی کە پەیوەستە بە سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی کوردایەتی لەم سەردەمە، پێشینەکەی بۆ بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی و سەردەمی شەڕ و، دواتریش دەگەڕێتەوە. ((بەر لە شەڕ، بەهۆی نالەباری ئابووری و ژیانەوە، خەڵک زۆرتر بەرەو لای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)،بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەربەخۆیی و یان خودموختاری دەچوون. ئەوەبوو بەر لە شەڕ ژمارەی کۆمەڵە و رێکخراوە سیاسییە نهێنییەکانی کوردستان زۆر بوو و تا دەهات سەنگیان لەناو کۆمەڵانی خەڵک و رۆشنبیراندا پتر دەبوو. ئەم کۆمەڵ و رێکخراوانە بە هەر چوار لادا کەوتنە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و پەخشی نەشرەی ئەوتۆ، کە پڕ بوون لە هەستی نەتەوەیی و رق و کینەی رەوا بەرامبەر زۆرداری میری و کاربەدەستانی.))(مەزهەر،١٩٧٠: ٣٣).هەر لەمبارەوە ئەحمەد خواجە باس لەوە دەکات ((وێڕای ناهەمورای بارودۆخی سلێمانی لەو رۆژگارەدا، بەڵام هێشتا دەستەیەکی سیاسی هەڵبژاردە و ڕۆشنبیر لە شارەکەدا هەبوون، بە بەرچاوڕوونییەوە کاریان دەکرد؛ لەمەشدا بە پلەی یەکەم کاریگەری ئەو شەپۆلی بە ئاگاهاتنەوەیەیان لەسەر بوو، کە سەرجەم گەلە ناتورکەکانی دەوڵەتی عوسمانی گرتبووەوە.))(شوانی، ٢٠٠٢: ٩١: بە وەرگرتن لە ئەحمەد خواجە، ب١، ٤١).

ئەمە بەشێوەیەکی گشتی وێنەی ئەو سەرەمەی نیشتمانپەروەر و نەتەوەییەکان بوو و وەکو ڕەفیق حیلیمش لە یادداشتەکەیدا باسی دەکات، لاوەکان و ئەوانەی کە خوێندەوار بوون، خاوەنی بیرێکی نەتەوەیی نیشتمانپەروەرانە بوون. حیلمی لەمبارەیەوە بە ڕوونی باس لەوە دەکات، ئەو لاوانە لە شاری سلێمانی خەریکی رێکخستنی مەعاریفی سلێمانی و پێشخستنی قوتابخانەکان بوون و هەستی کوردایەتییان زیندوو ئەکردەوە.(حیلمی،1988: 54). لە بەرامبەر ئەم بیرە نەتەوەپەروەرانەیەی کە گەنجانی خوێندەواری ئەو سەردەمە هەیانبوو، دوو ئاڕاستەی دیکەش هەبوون، کە هەریەکەیان بە دژی ئەوی تریان کاری دەکرد. ئەوانیش ئاڕاستەکانی لایەنگری تورک و ئینگلیزەکان، بوون. حیلمی لەمبارەیەوە ئەوە دەخاتەڕوو، کە کاتێک ئەوان خەریکی پەرەپێدانی بیری نەتەوەپەروەری و رێکخستنی قوتابخانەکان بوون لە سلێمانی، تورک خواکان و شاترەکانی تورک، لە هاتووچۆدا بوون و دەوری حوکمداریان دابوو.(حیلمی ،١٩٨٨:٥٤٠). هەر لە درێژەدا ناوبراو لە بەشی دووەمی یادداشتەکانیدا، لەپێوەندی دژایەتی ئەم سێ ئاڕاستەیە دەنووسێ، ((دەستەیەک لە لاوەکان (ئیمانیان) بە ئینگلیز هێنابوو و، گاڵتەیان بە تەقەلای نیشتمانپەروەرەکان ئەهات. بەلای ئەوانەوە، کوردپەروەرەکان و دەستەی تورک خوا، شوێن کڵاوی بابردوو کەوتوون. تورک خواکانیش، ئینگلیز خواکانیان بە ئالەتێکی فریودراوی ئینگلیز ئەهاتە بەرچاو. هەرچی لاوە نیشتمانپەروەرەکانە، لەگەڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)،بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەشا کە زۆر کەم بوون و لە هیچ لایەنەوە پشتیوانیان نەبوو، بەڵام گیانی میللییان یەکجار بەرز و بەهێز بوو.))(حیلمی، ١٩٨٨: ٥٤١).

لە چیرۆکی **(لەخەوما )**دا، سێ ئاڕاستەی سیاسی بەرچاو دەکەون؛ ئەو سێ ئاڕاستەیەش پەیوەستن بە کارەکتەرە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە کە لە کوردستاندا، چالاکییان هەبوو و خەڵکیان لە دەوری خۆیان کۆکردبووەوە. بەڵام سەرنجە سەرەکییەکە لەسەر دوو کارەکتەری سەرەکییە، کە ئەوانیش تورکەکان و ئینگلیزەکان لە لایەک و لایەنگرەکانیان لە کوردستان لە لایەکی تر، بوون. **(چاومان لەکەس نییە، بەخوا نە تورک نە ئینگلیز نایەڵن بەڕەحەتی و سەربەستی دانیشین. تورک...هەر نایەڵن چاومان بکەینەوە... ئینگلیز... ئەبێ تەشییان لەبەردا بڕێسین... کەسمان ناتوانین پەل بزێوین.)**(صائیب، 2010: 76_77). ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە ئەو بابەتەی مێژوونووسەکان ئاماژەیان پێداوە، لە چیرۆکەکەشدا ڕەنگیداوەتەوە.

لەم چیرۆکەدا، زۆر بە ڕاشکاوی باسی ئەو سێ ئاڕاستەیە دەکرێت، کە هەریەکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان دەوری شێخ مەحمودیان لە سەردەمی خۆیدا گرتووە و، هەوڵیانداوە ڕایبکێشن بۆ لای خۆیان. لە چیرۆکەکەدا، لە دیمەنی پەردە گۆڕانی یەکەمدا، کە وادیارە گەورەکە لە ژوورەوە دانیشتووە، خزمەتکارەکە باس لە هاتنی چەند کەسێک دەکات و دوای ئیزن پێدانی هاتنەژوورەوە، دێنە ناوەوەو دوای ئەوەی لە چیرۆکەکەدا وەسفی کەسەکان دەکات و چاو قاوە دەخورێتەوە و پێشوازییان لێدەکرێ، ڕێگە بۆ گفتوگۆ خۆشدەکرێ و سەردانکەرەکان دەستدەکەن بە قسەکردن **((لەو سێ کەسە، کورتە باڵاکەی کە لە ئەوەڵەوە هاتبووە ژوورەوە وتی: ئەڵێین مەسلەحەت بۆ تۆ وایە لەگەڵ تورکدا ڕێک بکەوی و بەئەمر و قسەی ئەوان هەڵسووڕێیت، بنێری بەشوێن ئەواندا کە بێن لێرە دانیشن، ئەوسا ئێرە بەتەواوەتی بۆ تۆ ساغ ئەبێتەوە و شکڵی حکوومەت ئەگرێ، ئەوسا تۆش ئەتوانی لەگەڵ ئەوان بەرامبەر بەدوژمن هەموو شتێک بکەیت، کە ئەوان بوون بەپشتیوانت جێگە و مەوقعی تۆ گەورەتر و مەحکەم ئەبێ، کە تۆ لەگەڵیاندا ڕێک کەوتی و ئەوانت هێنایە ئێرە ئەوسا ئەوانیش مەجبوور ئەبن لەسەر تۆ شەڕیش بکەن و ئیشی چاکیشت بۆ ڕێک بخەن. وڵاتەکەشمان بەتەواوی بکەوێتە ڕەحەتییەوە. ئەویش وتی ئاخر قسەکانی ئێوە زۆر باش و مەعقووله منیش لەلام باشە بەڵام من هەتا ئێستا غەیری قسە نەبێ هیچی ترم لەوان نەدیوە، فەعالیاتێکان نییە، ئەوان**

**بەچوار عەسکەری ڕەشوڕووت و برسییەوە هاتوون هەر خەریکی ڕاووڕووت و خەڵق ڕووتاندنەوەن، ئەوان هەر پارە کۆ ئەکەنەوە و خۆیان ئەژێنن، ئیشەکانیان هیچی لە حکوومەت ناچێ. من بەچ شتێکی ئەمانە پشتئەستوور ببم و چۆن لەگەڵیان ڕێک بکەوم و ئەمنییەتیان پێ بکەم. ئەمجا کابرای ڕەنگزەرد هەڵی دایە وتی: قوربان ئەمە تۆ چی ئەفەرمویت، ئەمەش نەوعە سیاسەتێکە کە ئەوان ئەیکەن، ئەمە لەبەر ئەجنەبی و قسەی دواڕۆژە بەم ڕەنگە هەڵئەسوورێن، ئەگینا ئەم حەرەکاتانە هەموو بەئەمری (ئەنقەرە)یە، دەقیقە بەدەقیقە ئەمر لەوێوە وەرئەگرن، ئیستقلال بێ و ئیمتیاز بێ و موختارییەت بێ، هەر ئەوان بیدەن بۆ هەمووومان مەسڵەحەتە، ئەگەر بێت و لەگەڵ ئەواندا ڕێک نەکەویت ئەوە موحەقەقە فەلاکەت بەسەر خۆت و میللەتەکەت ئەهێنیت، ئەگەر بەم قسانەی من باوەڕ ناکەیت ئەوە قاقەزی ڕەسمی (دەستی کرد بەم باخەڵ و بەو گیرفانیا بەعزێک قاقەزی شڕی دەرهێنا و سەیری کردن و هینی ئەم باخەڵی خستە ئەو گیرفانیەوە و نەختێک خۆی خەریک کرد، دوایی دەستی دا بەدەستا و بەناخۆشییەکەوە وتی: ئا وەڵڵا نەمهێناوە.)**(صائیب، 2010: 67و72_73). ئەوەی کە لەم دیمەنەدا خراوەتەڕوو، ئاماژەیە بۆ ئەو دەستەو تاقمە کە لەو سەردەمەدا لایەنگری تورکیان دەکرد و هەوڵیان دەدا شێخ مەحموود بهێننە سەر ئەو ڕایەی بچێتە ژێر ڕکێفی ئەوانەوە.

لە پەردەی دووەمدا، ((**لەپاش نەختێک کابرایەک هاتە ژوورەوە ناوی دوو سێ کەسی برد کە هاتوون بۆ حزوور، چی ئەمر ئەکەیت؟ ئەویش بەپێکەنینەوە ڕووی کردە کابرای تەنیشتی وتی: سەیرە ... با ئەوانیش بێن، با بزانین ئەوان ئەڵێن چی، ئەم جا ئەمری کرد وتی: بابێنە ژوورەوە. ڕوانیم لە پاش تۆزێک دەرگا کرایەوە، سێ کەس هاتنە ژوورەوە.**))(صائیب،2010: 66). هەر لەم پەردەیەدا درێژەی پێدەدات و دەکەوێتە سەر باسی ئەم میوانانە کە چ شتێک بە گەورەکە دەڵێن ((**قسە کەوتە سەر باسی سیاسەتی تورک و ئینگلیز. ڕووی کردە گەورەکە وتی قوربان ئێستا ئیش بەڕەنگێکی وا دیاری داوە کە منداڵی ساوایش تێ ئەگا و ئەیزانێت ئەم میللەتە و ئەم وەزعەتە بێ ئەمەی حکوومەتی ئینگلیز دەستی بەسەرا بکێشێ و پشتیوانیی بکات ناژی و سەرناگرێ. ئەگەر ئێمە ئومێدێکمان بەبوونی خۆمان و سەربەرزی و گەورەیی وڵاتەکە بێ، هەر بەواستەی حکوومەتی ئینگلیزەوەیە، ئێستا کەوا ئێمە هەوەڵی ئیشمانە و چاومان لە ڕووناکیی پاشەڕۆژمانە، دیارە خۆمان لە خۆمانەوە هیچمان بۆ**

**پێک نایەت و سەرناگرێ چونکە نەسەروەت و نەسەنعەت و نەتیجارەت و نەهیچێکی وامان هەیە کە خۆمانی پێ بژێنین، لەبەرئەوە ئێمە مەعین و پشتیوانێکمان ئەوێ کە ئەویش مەگەر هەر حکوومەتێکی گەورە و بەدەست و دەوڵەمەندی وەکو ئینگلیز بێ، ئەمجا ڕووی کردە پیاوەکەی تەنیشتی ئەوی چاکەت و پانتۆڵی لەبەردا بوو وتی: بابە وایە یان نا؟ ئەویش دەمی کردەوە دەستی کرد بەقسەکردن وتی: ئێمە ئەگەر تەماشای قازانجی عومومی تۆ و هەموو میللەتەکە بکەین و دوواڕۆژی خۆمان بخوێنینەوە سەربەخۆ ئیش نەکەین، چارە هەر ئەمەیە بەئسوولێکی مەعقوول لەگەڵ حکوومەتی ئینگلیزدا ڕێک بکەوین و ئەمینم حکوومەتی ئینگلیزیش زۆر شتی باش بۆ ئێمە ئەکات، خۆ ئەگەر بێت و ئێمە ئومێد و ئەمەلمان بەتورک بێ، ئەوە سەهویەکی زۆر گەورەیە ئەیکەین چونکە چەند ساڵە چی بۆ کردووین تا ئێستا بۆمان بکات، ئەوە نموونەیەکیانە لە بن دەستمانە ئەیبینین بەبەرچاومانەوە خەریکی ڕاووڕووت و تاڵان و ئیعانە و خۆلەوەڕاندن و دەستبڕینی ئەم عالەمەن، خۆیان لەوانەن کە چاوەڕوانی دەستی ئێمە بن نەک ئێمە هینی ئەوان. میللەت پێناسین و سەربەستیدان و فکری گەورەیی و سەربەرزیدان و ئەم نەوعە شتانە لای ئەوان نییە .))**(صائیب، ٢٠١٠، ٦٧_٦٨).وەک لەمەشدا دیارە، ئەمە ئەو ئاڕاستەیە بوون، کە لایەنگری ئینگلیزەکان دەکەن و لە هەوڵی ئەوەدان کە شێخ بخەنە ژێر کاریگەری خۆیان.

لە پەردەی سێیەمدا، گرووپێک دێنە ناوەوە، کە تەواو جیاوازن لە دوو گرووپەکەی تر و روانگەکانی خۆیان دەخەنەڕوو.**(( وردە وردە کەوتنە قسە و گفتوگۆ، لە پاش چەند قسەیەک گەورەکەش گورجوگۆڵ فیکری گۆڕا و هاتە سەر قسەی ئەوان، کەوتنە سەر باسی ئیدارە و سیاسەت و حکوومەت، بەم نەوعە قسانە کردیان بەقیڕە و هەرا وەک حەمامی ژنان بوو بەقاووقیژ کەس نەیئەزانی ئەڵێ چی، هەر کەسە لەبەر خۆیەوە قسەی ئەکرد. وتیان: ئێمە هەموو بۆچی چاکین بەکەڵکی چی دێین، ئەمە چەند ساڵە عومرمان ڕابواردووە، ئیتر ژیانمان بۆچییە نامانەوێ، یان ئەبێ هەر خۆمان بین، جارێکی تر خۆمان ناکەین بەژنی کەس، هەر سەری تۆمان بۆ خۆش بێ، ئیتر چاومان لە کەس نییە، بەخوا نەتورک و نەئینگلیز نایەڵن بە ڕەحەتی و سەربەستی دانیشین، تورک بێ (مەمەد ئۆغلی)یەکانیان) أیشک کەرەتە و هەریف(مان لێ ئەهێننە پێشەوە، هەر نایەڵن چاومان بکەینەوە، بەسەر و ماڵمانەوە بەشی ئیعانە و موبایەعە و ئیعدامی ئەوان ناکەین. ئینگلیز**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)،بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بێن شەبقە بەسەر، سەبیلێک ئەگرن بەلای دەمیانەوە، ساحێب ساحێب، ئەبێ تەشییان لەبەردا بڕێسین. فەکن فەکنمان لێ دائەنێن، کەسمان ناتوانین پەل بزێوین، کەوابوو نەوەڵڵا هیچمان ناوێ، هەر خۆمان بین و ئەبێ هەر خۆمان بین و دەستی کەسمان بەسەرەوە نەبێ .))**(صائیب،٧١:٢٠١٠) .بەمجۆرە زۆر بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، لەو سەردەمەدا سێ ئاڕاستەی سیاسی هەبوون و هەریەکەیان، بە جۆرێک لە جۆرەکان، بێجگە لە کوردپەروەرەکان(بەوشێوەی کە ڕەفیق حیلمی باسیان لێوە دەکات)، کەوتبوونە ژێر کاریگەری هەریەکە لە عوسمانییەکان و ئینگلیزەکان.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبدەین، ئەوەیە، کە بەوشێوەی کە لە کتێبە مێژووییەکان باسدەکرێ، شێخ مەحموود وەنەبێ بەرامبەر بە ڕای ئەم ئاڕاستانە، بێ سەرنج بووبێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە کاری لەسەر کردوون و تەنانەت وەفدیشی ناردووە بۆ ئەوەی کە بزانێ، ئەوان(تورکەکان و ئینگلیزەکان)، هەڵوێستیان چییە. تەنانەت نوێنەری خۆی کە بۆ تورکیای نارد، ڕەفیق حیلمی بوو، کە لە یاداشتەکەیدا بە روونی ئاماژەی پێداوە. ئەم ڕازی بوونەش و ئاماژەدان بە ناردنی نوێنەر بۆ لای تورکەکان و ئینگلیزەکان، بە ڕوونی لە چیرۆکەکەشدا هەیە. بۆ نموونە دوای قسەی لایەنگرانی ئینگلیز، دەڵێت **((ئێوە خۆتان سبحەینێ لە جێگایەک گرد بنەوە و چەند مادەیەک بنووسین کە وەکو ئێوە ئەڵێن بۆ هەردوولا باش بێت. ئەوسا یەک دوو کەسی تێگەیشتوو هەڵبژێرین و بیانێرین، ئەگەر وابێت، گوایە من چۆنی پێ مەمنوون نابم و بۆچی پێم باش نەبێ .))**(صائیب، ٢٠١٠: ٦٩). لە پێوەندی لەگەڵ پێشنیاری لایەنگرانی تورکیش، دوای ئەوەی کە باسی بێوەفایی و بێ بەڵێنی و کردەوەی تورکەکان دەکات و، لە لایەن ئەوانیشەوە وەڵامەدرێتەوە، بەوەی کە هەمووی دەنگۆی ناحەزانن، دێتە سەری ڕای ئەوان و دەڵێت **(( کەوابوو با ئێمە یەکێک بنێرین بۆ لای ئەوان کە موزاکەرە و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات و قەرارێکی قەتعی و قەول و تەعهەدات تەواو وەربگرێ، ڕێگە و دامودەزگا بۆ ئێمە دابنێن بەنەوعێکی وا کە بۆ ئێمە چاک بێت ئەوە بەو جۆرە باشە و منیش بەم ڕەنگە زۆرم پێ خۆشە، هەرچەندە ئەترسم ئەم جارەش بێ فائیدە بێ چونکە ئەمە سەری چەند جارەیە کە پیاو ئەنێرین و بێ فائیدەیە، ئەم جارە ئەبێ بەڕەنگێکی وا و یەکێکی وا بنێرین کە بێ نەتیجە نەمێنێتەوە.))**(صائیب، ٢٠١٠: ٦٥). دیارە دواییش بە گوێرەی گێڕانەوەی مێژوونووسان، بۆ هەردوو لایەنەکە بێ سوود بووە و هیچ ئەنجامێکی نەبووە.

## ئەنجام:

لە دووتوێی لێکۆڵینەوەکەماندا، بە پشتبەستن بەو بنەما تیۆرییانە و ئەو سەرچاوە مێژووییانەی کە لە گێڕانەوەی ئەو سەردەمە لەبەردەستمانبوون و خستوومانەتەڕوو، بۆمان دەرکەوت کە چیرۆکی (لە خەوما) لە ئاستێکی گشتی و فراواندا، لەژێر کاریگەری هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەدا(سەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحمود) نووسراوە، یان بە دەربڕینێکی تر، تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانێ نیشاندەری وێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو قۆناغەی مێژووی کورد بێ. لە ڕووی هەلومەرجی ئابووری و بابەتەکانی پەیوەست بە خراپ بەڕێوەبردنی وڵات و هەبوونی ڕێگری و چەتەیی و بەرتیل و هەروەها نیشاندانی ئاراستە سیاسییە باوەکانی ئەوکات، بە تایبەت هەبوونی سێ ئاڕاستەی جیاوازی لایەنگری تورکەکان و بەریتانییەکان و سەربەخۆکان، چیرۆکەکە توانیویەتی وێنەی ئەو قۆناغەمان پێ نیشانبداتەوە.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: بە زمانی کوردی:

**ا. کتێب:**

ــ ئیمامی، نەسروڵا (2018)، بنەما و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، و: سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن، چاپی یەکەم، هەولێر.
ــ ئەحمەد، سامان حوسێن (2020)، میتۆد و لێکۆڵینەوە- هەنگاوەکانی نووسینی لێکۆلینەوەی مێژوویی، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
ــ جوقی، انتصار نجیب(2016)، شیعر و مێژوو، چاپی یەکەم، سپیرێز، دهۆک.
ــ حاجی، عەبدی(2008)، چەند تیورەکێن ڕەخنا ئەدەبی، چاپا ئێکێ، خانی، دهۆک.
ــ حوسێن، هیمداد(2020)، ئەدەبی نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
ــ حیلمی، ڕەفیق (١٩٨٨)، یادداشت، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، بەشی یەکەم.
ــ حیلمی١، ڕەفیق (١٩٨٨)، یادداشت، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، بەشی دووەم.
ــ خەلیل، ئیبراهیم مەحموود (2017)، ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ، و: محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، کارۆ، کەرکوک.
ــ ڕەئوف، لوقمان (2017)، ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)،بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ـ صائیب، جەمیل(٢٠١٠)، لەخەوما، چاپی سێیەم، ئاراس، هەولێر.
ـ شوانی، ئاکۆ عەبدولکەریم (٢٠٠٢)، شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢، چاپی یەکەم، سلێمانی.
ـ عارف، حسەین (2011)، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆلینەوەدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
ـ عارف، حسەین (2011)، چیرۆکی هونەری کوردی 1925-1960، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
ـ عەبدوڵڵا،پێشڕەو (2014)، ئەدەب- شێوەکاری- تیۆر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
ـ کۆمەڵێک نووسەر (2002)، کورد و کوردستان، و: حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی و حسێن ئەحمەد جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
ـ کەفانی، محەمەد عەبدولسەلام (2011)، ئەدەبی بەراوردکاری، و/ هەژار رەحیمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
ـ مەدەنی، حوسێن (2000)، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم.
ـ مەنتک، حەمە (2018)، میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.
ـ مەزهەر، کەماڵ (١٩٧٠)، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

**ب ـ فەرهەنگ:**

ـ ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (2011)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
ـ عومەر، موحسین ئەحمەد (2005)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

**پ ـ نامەی ئەکادیمی:**

ـ خضر، فتاح بهرام (2011)، ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کوردستانی باشور لە ڕۆژنامەوانی کوردی عێراق دا (1932-1958)، ماستەرنامە، زانکۆی سەڵاحەدین.
ـ عەبدولغەفوور، هەژار ئەحمەد (2013)، ڕوانینێکی ڕەخنەیی لە سەر نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
ـ عبدالکریم، دلان عثمان (2014)، تێم لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ساڵانی(1991-2000)، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی.

ــ قادر، ڕێبین خەلیل(2009)، مێتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری(التكاملي) لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، ماستەرنامە، زانکۆی سەڵاحەدین.

**ت ـ گۆڤار:**

ــ حسەین، هەڤال ئەبوبەکر (2013)، ئەدەب وەک دۆکیۆمێنتی مێژوویی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ:43.

ــ شارەزووری، یادگار لەتیف (2019)، کارلێکی نێوان ئەدەب و ژیان- لە میتافیزیکەوە بۆ ڕەخنەی پاش مۆدێرنە، لە گۆڤاری ڕامان، ژ:271.

ــ عیدو، علی جوقی_ عبدالرحمن، یهان محمد، (2017)، پراکتیزەکرنا بنەمایێن تیۆرا ڕەخنەیا مێژوویی ل سەر هەردوو دیوانێن(ستران و بەفر و ئاگر) یا موئەیەد تەیب و (لێڤەنابم) یا ڕێکێش ئامێدی، گۆڤاری زانکۆی نەورۆز، ژ:6.

ــ قادر، ڕێبین خەلیل (2011)، مێتۆدی ڕەخنەی مێژوویی لە لێکۆلینەوەی ئەدەبیدا، لە گۆڤاری رامان، ژ:165.

ــ قادر، ڕێبین خەلیل (2017)، مێتۆدی ڕەخنەی مێژوویی لە کتێبی(کاروانی شیعری نوێی کوردی)ی (کاکەی فەللاح)دا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ:39.

ــ گەرمیانی، عادل(2012)، پێناسەکانی ئەدەب، گۆڤاری ڕامان، ژ:181.

ــ نادر، نیگار (2005)، بە مێژووگێڕانی ئەدەب یان بە ئەدەب گێڕانی مێژوو، گۆڤاری ڕامان، ژ:100.

**ج ـ سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

ــ ئەبووبەکر، کەنار ( 2022)، جەمیل سائیب، زانیاری،https://www.zaniary.com .

**دووەم: بە زمانی فارسی:**

ـ تایسن، لیس (١٣٧٨)، نظریەهای نقد ادبی معاصر، ترجمه مازیار حسین زاده، نشر نگاه امروز، تهران،

ــ دهقانی، رضا (1390)، چیستی نقدتاریخی، پژوهش، شماره اول، سال سوم.

ــ قیداری، زهرا (1390)، تعامل تاریخ و ادبیات در منشأت امیر نظام گروسی، شمارەی3، دورەی دوازدهم.

**سێیەم: بە زمانی عەرەبی:**

ــ طالب، عمر محمد ( 1993)، المذاهب النقديه، لدار الكتب للطباعة والنشر، الموصل.

ــ يافي، نعيم (2008)، تطور الصورة الفنية في الشعر العربي الحديث، صفحات للدراسات والنشر، دمشق.

چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی:

Dobie، Ann B (2015)، Theory in to practice ، an introduction to literary criticism، 4th edition، USA.

## Jameel Saib’s (In My Dream) Story Under the Light of Historicism

**Hazhar Ahmed Abdulghafur**
Department of Kurdish, Faculty of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq
Hazhar.abdulghafur@soran.edu.iq

**Farhad Mustafa Hamad**
Department of Kurdish, Faculty of Education, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq
Farhad.hamad@kue.soran.edu.iq

***Keywords***: *Historicism, History, Age, In My Dream (Novel)*

## Abstract:

The relation between history and literature is an old topic of theoretical and critical debate on literature. To somehow، there are attempts to discover the nature of this relation. This has been attempts through studying the literature of almost all nations around the world. The present research, entitled Jameel Saib's (In My Dream) Novel under the light of historicism'، is an attempt to explain the relationship between history and literature which can be found at a certain phase of our literature. The study uses a descriptive analyitical method، with the focus on historical criticism. It aims to unveil the relations that can be found within the mentioned novel's text. Based on the sources that have been used، it can be argued that the novel is a proper reflection of the socio-political and economic circumstances of its era (the era of sheikh Mahmood in the twentieth of the twenty century).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)،بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**الملخص:**

جدلية العلاقة بين التاريخ والأدب من الموضوعات القديمة في المناقشات النظرية والنقدية في أدب كثير من الأمم. حاولنا من خلال دراسة النصوص الأدبية إزالة الستار عن الأبعاد المتنوعة لهذه العلاقة.

هذا البحث المعنون بـ (قصة " في منامي" لجميل صائب تحت ضوء النقد التأريخي) محاولة باتجاه توضيح العلاقة الموجودة بين التاريخ والأدب في مرحلة من مراحل الإنتاج الأدبي.

يعتمد هذا البحث على المنهج الوصفي التحليلي، ويحاول من خلال النقد التاريخي أن يلقي الضوء على نص الرواية، وأن يوضح نسبة هذه العلاقة فيه.

توصل البحث – اعتمادا على النصوص التاريخية- إلى أن نص الرواية انعكاس كثيف للظروف السياسية والاجتماعية والاقتصادية لمرحلته في أبعاد مختلفة، وهي مرحلة الشيخ محمود الحفيد